# ئەمەوێ دەستپێبکەمەوە

خالید بەرزنجی
khalidbarznji@gmail.com

ئەمەوێ دەستبکەمەوە بە نوسینی شیعرەکانم
نیگا و برژانگ و هەودات
ئاوێتە بە ترسی توانەوەم
بکەمە هەوێنی یەک بە یەکی بەیتەکانم

ئەمەوێ ئەمجارە لە ناو شیعرێکدا
خۆم و خۆت لەپاڵ یەکدا بدۆزمەوە
دەستی مەحاڵ بگرم و
سەرخەوی خەیاڵ لەسەر سینەت بنێمەوە

ئەمەوێ ئەمجارە ببمە قەسیدەیکی پاییز
لەگەڵ هەموو کزە بایەکدا بمخۆێنیتەوە
ووشە ووشەی چاو پڕ لە گریانم
وەک مووررووی ڕەنگ فرمێسکی لەگەردنتا بهۆنیتەوە

ئەمەوێ ئەمجارە کەهاتمەوە
بێ گوێ دانە دەوروبەرم،
چی کاغەز و کتێبم هەیە بۆت بکەمەوە
لەسەر هەرسوچێک یان پشت پەڕەیەکدا
نیوە شیعرێک یان کۆپلەیەکم کەبۆتم نوسیوە ڕوونبکەمەوە

ئەمەوێ ئەمجارە ترس لە ناو دڵم ببەزێنم
تێریش بڕوانیتە نێو چاو و نێو نیگامەوە
لەهەرێمی ئەم ئەوینە چەند ساڵەییەم
بەبێ پەروائەتخەمە نێو باڵامەوە